بەشی دووەم

خەلیفەکان

باسی یەکەم:

ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێبێت)

عەبدوڵڵای کوڕی عوسمانی کوڕی عامیری کوڕی عەمری کوڕی کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تەیمی کوڕی مورە،[1] لە مەککە لە دایکبووە لە دوای (عام الفیل) بە دوو ساڵو چەند مانگێك.[2]

پێغەمبەر ﷺ ستایشی کردووە بە (عتیق من النار) هەر بۆیە نازناوی (العتیق)[3]ی بەسەرا زاڵ بوو، دەشگێڕنەوە کە ئەو نازناوە بە هۆی جوانیی رووخساری بووە،[4]هەروەها وتراوە کە دایکی منالّی بۆ نەدەمایەوە، جا روویکردە ماڵی خوا (البیت العتیق) و وتی: ئەی خوایە ئەمە لە مردن قوتاری بووە، تکایە بیبەخشە پێم.[5]لە پاش رووداوی (الاسراء والمعراج) پێغەمبەری خوا ﷺ بە (صدیق) ناوی برد، چونکە باوەڕی پێکرد کاتێك موشریکان ئەویان بەدرۆخستەوە.[6]

ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) سپی پێستو لاشە لاواز بوو، موو لەسەر هەردوو گۆنای کەم بوو، چاوەکانی چاڵ بوو بوو، تەوێڵ دیار[7]و قژ لوول بوو[8]، مووە سپی یەکانی سەرورِیشی بە خەنە رەنگ دەکرد.[9]

---

١) أبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٤٩، وإبن حجر: الاصابة٤: ١٦٩.

٢) أبونعيم: معرفة الصحابة، فەرموودەی ژمارە (٨٩).

٣) أبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٥٢، فەرموودەی ژمارە (٦١) واخرجه إبن حبان في صحيحه باسناد صحيح (موارد الظّمان ٥٣٢)، والطبراني: المعجم الكبير ١: ٥.

٤) الطبراني: المعجم الكبير١: ٥، وقال الهيثمي: رجاله ثقات (معجم الزوائد ٩: ٤١) وأبونعيم: معرفة الصحابة حديث رقم ٦٣ باسناد حسن.

٥) أبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٥٣ـ ١٥٤، والسيوطي: تأريخ الخلفاء ٢٩.

٦) الحاكم: المستدرك ٣: ٦٢، ٦٣ وقال: هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه وأقره الذهبي.

٧) الطبراني: المعجم الكبير ١: ٩، أبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٦٥، وفيه راوٍ مجهول وبقية رجال السند ثقات.

٨) الذهبي: تأريخ الاسلام ـ عهد خلفاء الراشدين ـ ١٠٦.

٩) أبوداود: السنن ٤ـ ٤١٧، وإبن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ١٩١ وإسناده صحيح، وهذا الوصف له في غزوة ذات السلال.

لە سەردەمی جاهیلی ناوبانگی هەبوو بە رەوشتی بەرزو جوانو هاورێتی خۆشو مەی نەخواردنەوەو شارەزایبوونی لە رەچەڵەکی عەرەبو باسەکانیان.

لە ئیسلامیشدا بە دێرینی موسڵمان بوون بەناوبانگەو بە هەوڵو کۆششی زۆری لە پێناو بانگەوازەکەی، سەرانی هاوەڵان وەکو عوسمانی کوڕی عەففانو زوبێری کوڕی عەوامو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا لەسەر دەستی ئەبوبەکر موسڵمان بوون، هاوڕێی پێغەمبەر ﷺ بوو لە کۆچکردنی بەرەو مەدینە، کە خوای گەورە ئایەتی لەو بارەوە دابەزان (ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ)،[1] واتە: (ماناکەی)

لە هیچ شەڕو ڕووداوێك دوانەکەوتووەو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بووە،[2] بازرگانی جلو بەرگی دەکردو سەرمایەی لە کاتی موسڵمانبوونی گەیشتبووە چل هەزار درهەم، هەمووی خەرج کرد لە پێناوی بانگەوازی ئیسلامو بەرژەوەندی یەکانی، بە تایبەت بۆ ئازادکردنی ئەو کۆیلە بێدەسەڵاتانەی موسڵمان دەبوون، تەنها پێنج هەزار درهەمی مایەوە ئەویش لە کاتی کۆچ کردندا ختیە ژێر راپەڕاندنی پێغەمبەر ﷺ.[3]

پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری خەرجکردنی دەدا لە پارەی ئەبوبەکر دا، وەکو چۆن کەسێك بڕیار بدات لە پارەی خۆیدا،[4] بۆیە باسی سود وەرگرتنی ئیسلام دەکات لە ماڵی ئەبوبەکرو دەفەرموێت: "مانفعني مال قط مانفعني مال أبوبكر".[5] واتە: هیچ ماڵێك بە کەڵکم نەهاتووە ئەوەندەی ماڵی ئەبوبەکر بە کەڵکم هاتووە. بۆیەی پێغەمبەر ﷺ مژدەی بەهەشتی پێداوە،[6] دەرگاکەشی بە کراوەی هێشتەوە بۆ مزگەوتو دەرگای هەموو هاوەڵان داخران،[7] لە کاتی نەخۆشی سەرەمەرگیشدا

---

١) التوبة ٤٠.

٢) أبن حجر: الاصابة ٤: ١٦٩.

٣) إبن سعد: الطبقات ٣: ١٧٢، وأبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٨٠، والذهبي: تأريخ الاسلام ـ عهد الخلفاء الراشدين ـ ١٠٧، وإبن حجر: الاصابة ٤: ١٧١ـ ١٧٢، والسيوطي. تأريخ الخلفاء.

٤) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٧٢ من مراسيل سعيد بن المسيب وهي قوية.

٥) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٦٥ باسناد صحيح.

٦) البخاري: الصحيح ٧: ٢٢.

٧) البخاري: الصحيح ٥: ٥٥٨.

پێشەوایەتی خەڵکیی لە نوێژدا بە ئەو سپارد،[1] جێگای متمانەو پرسپێکردنی پێغەمبەر ﷺ بوو، خزمایەتیشی لەگەڵ کرد بەوەی کە عائیشەی کچی لێ مارە کرد (ڕەزای خوای لێبێت)، سەدو چلو دوو فەرموودەی لە پێغەمبەر ﷺ گێڕاوەتەوە.[2]

دانایو بوێری ئەبوبەکر ئاشکرا بوو لە کاتی لێقەومانی نەتەوەی ئیسلام بە مردنی پێغەمبەرەکەی ﷺ، هەروەها کەسایەتیی بەهێزو تێگەیشتنی سیاسی دەرکەوت لە کاتی کۆبوونەوەی سەقیفەدا، کە ئەوپەڕی بێ فیزیی و بێ نیازیی نواند لە وەرگرتنی خیلافەت، چونکە کاتێك دەستنیشان کرا بۆ وەرگرتنی ڕوونی کردەوە کە سالیمی مەولای ئەبوحوزەیفە دیندارترەو عومەری کوڕی خەتتاب بەهێزترە،[3] واتە ئەوانی بە شیاوتر زانی بۆ خیلافەت، کاتێکیش کە خیلافەتی پێ سپێردا توانایەکی لە ڕادەبەدەری نواند بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانڕەوای یەکە دووچاری دووبەرەکی ترسناك بوو بە بۆنەی سەرهەڵدانی پاشگەزبوونەوەکانەوە، یەکڕیزییو ئاسایشی بۆ دەوڵەت گێڕایەوە، تواناکانیشی ئاڕاستەکرد بەرەو جیهادو والاکردنی دەڤەرەکانی عێراقو شام.

وتارو نامەکانیشی بۆ سەرکردەکانی لە عێراقو شام لە خواترسانو دینداریی ئەو دەردەخەن، هەروەها سووربوونی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئیسلامو بایەخنەدانی بە دونیاو جوانیدەربڕینو ڕەوانبێژیی و دوورکەوتنەوەی لە درێژکردنەوەی قسەو زیادەڕەویی لە لێکدانەوە، بەم شێوەیەش ئەبوبەکر یەکێك بوو لە وتاربێژە سەرکەوتووەکانی نێو هاوەڵان.[4]

بە کۆکردنەوەی قورئانیش بۆ یەکەمجار پرۆژەیەکی مەزنی ئەنجام دا و بوو بە مایەی دروست نەبوونی جیاوازیی تیایدا و یەکڕیزیی ئاینی و ڕۆشنبیریی بۆ موسڵمانان جێبەجێ کرد.[5]

ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) وێڕای شارەزای زۆری لە قورئانو سوننەتداو تێگەیشتنی کاریگەری بۆ مەبەستەکانی شەرع و فەرمانەکانی و توانای فتوادان،[6] زۆرجار ڕاوێژی دەکرد بە هاوەڵان،[7]

---

١) البخاري: الصحيح ٢: ١٦٦، ومسلم: الصحيح١: ٣١٦.

٢) بقي بن مخلة ٨٢، سیوطي ١٤٢ فەرموودەی باسکردووە لە (تأريخ الخلفاء ٨٧- ٩٤).

٣) إبن سعد: الطبقات ٣: ١٨٥، وأحمد: فضائل الصحابة ١: ١٦٢ باسناد حسن.

٤) السيوطي: تأريخ الخالفاء ٦٠.

٥) إبن سعد: الطبقات٣: ١٩٣، هەروەها بڕوانە: صحيح البخاري (فتح الباري ٩: ١٠).

٦) بڕوانە فتواکانی لە (تأريخ الخلفاء)ی سیوطي ٩٥٤- ١٠٥.

٧) السيوطي: تأريخ الخلفاء ٤٣- ٥٢.

بەزەیش زاڵ بوو بەسەر راوبۆچوونەکانی، بۆ نموونە بۆچوونی وابوو رزگارانە لە دیلەکانی جەنگی بەدر وەربگیردرێت، دەروونیشی پڕ لە هێمنیو دڵنیای بوو، دڵی هاوەڵانی چەسپاند لە رووداوی وەفاتی پێغەمبەر ﷺ، توندو تۆڵی و ویستو خواستپتەو نیشانەی سیاسەتی ئەو بوون، نموونەی ئەوەیش هەڵوێستەکانی لە بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە، چاودێریکردنی موسڵمانان رێبازی ژیانی بوو بە تایبەتی بۆ هەژارو بیماران[1].

ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) کۆچی دوای کرد لە تەمەنی شەستو سێ ساڵی،[2] لە جومادی ئاخیرە لە ساڵی سیانزەی کۆچی، ماوەی خیلافەتەکەی دوو ساڵو نیو بوو.[3]

---

١) مسلم الصحيح ٤: ٧١٣، ١٨٥٧.

٢) مسلم الصحيح ٤: ١٨٢٦، والترمذي: السنن (تحفة الاحوذي ١٠: ١٣٦).

٣) الطبراني: المعجم الكبير١: ١٤، وقال الهيثمي: رجاله ثقات (مجمع الزوائد ٩: ٦). وأبونعيم: معرفة الصحابة ١: ١٦٩.

باسی دووەم:

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت)

عومەری کوڕی خەتتابی کوڕی نوفەیلی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی ڕەباح، لە بەنی عەدی کوڕی کەعبە، کە یەکێکە لە هۆزەکانی قورەیش، دایکی حەنتەمەی کچی هاشمی مەخزومیە،[1] دوای (عام الفیل) بە سیانزە ساڵ هاتووەتە دنیاوە.[2]

باڵا بەرزو کەتەو تووکن بوو، قژیشی بە هەردوو لای سەریدا دەهاتە خوارەوە، پێستی سوورو سپی بوو، نیشانەی پیریشی بە خەنە ڕەنگ دەکرد، سمێڵێکی پڕی هەبوو، بە هەردوو دەستی وەکو یەك کاری دەکرد.[3]

لە کاتی ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ تەمەنی (٣٠) ساڵ بوو،[4] بۆیە زەبروزەنگی بوو دژ بە موسڵمانان،[5] پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوا پاڕایەوە ڕێنموونی بکات، ئیدی لە ساڵی شەشەمی[6] ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ، موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند[7] و ئاینی ئیسلامی پێبەرزبوویەوە کە موسڵمان بوونی ئاشکرابوو بتپەرستەکان شەڕیان لەگەڵ کردو شەڕی لەگەڵ کردن.[8] لە سەردەمی نەفامیی بە زمانپاراوی و ئازای دەناسرا، لە ئیسلامیش بە تینو شکۆدارو بە تەنگ دونیاوە نەهاتن

١) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ٢٦٥، وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ١٩٠ ـ ١٩١ مع الحاشية رقم ٣، وابن حجر: الإصابة ٤: ٥٨٨.

٢) ابن حجر: الإصابة ٤: ٥٨٨، وانظر اذكره الواقدي من ان مولده ـ كما ذكر عن نفسه ـ قبل الفجار بأربع سنين (ابن سعد: الطبقات ٣: ٢٩٦، وابن شبة: تأريخ المدينة ٢: ٦٦١).

٣) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٦٠ـ ٢٦١ بأسانيد ترقي بمجموعها الى الحسن، وابن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٣٣٤، والطبراني: المعجم الكبير ١: ١٩، ومسلم: الصحيح ٤: ١٨٢١، والحاكم: المستدرك ٣: ٨١ بإسانيد حسن الى زر بن حبيش، وابن حجر: الغصابة ٤: ٥٨٩ وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٢٠٣، ٢٠٦.

٤) ابن حجر: الاصابة ٤: ٥٨٨.

٥) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٧٨، ٢٧٩.

٦) الترمذي: السنن ٥: ٦١٧، وابن حبان: الاحسان ٩: ١٧.

٧) ابن حجر : فتح الباري ٧: ٢١٦ ـ ٢١٧.

٨) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٨٢.

ناسرا،[1] هەروەها بە دادگەرییو بەزەیو زانست،[2] کردارو گوفتاری عومەر (رەزای خوای لێبێت) راستو ئاراستەکراو بوو،[3] (٥٣٧) فەرمودەی لە پێغەمبەر ﷺ گێڕاوەتەوە،[4] قورئانی پیرۆز لە چەندان مەسەلەدا پەسەندایەتی راوبۆچوونەکانی عومەری دەکرد کە پێشبینی دەکرد بۆ پێغەمبەر ﷺ، لەوانە راگرتنی جێگای ئیبراهیم (عليه السلام) وەکو نوێژگەو پەردە دانان بۆ دایکانی موسڵمانانو ئامۆژگاریی بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ پێش دابەزینی ئایەتی هەڵبژاردن،[5] هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ مژدەی پێداوە بە بەهەشت[6] و شەهیدیی[7] و خێروبێرێك کە لە سەر دەستی ئەو بەدیدێت، جگە لەوانەش پێغەمبەر ﷺ وەسفی کردووە بە بلیمەت "لم أر عبقرياً يفري فريه".[8] واتە: بلیمەتەکانم نەبینیوە کردارەکانی ئەو ئەنجام بدات.

روونیشی کردووەتەوە کە ئەگەر لە نەتەوەی ئیسلام سروشدار بوایە عومەر دەبوو،[9] فەرمانیشی کردووە بە هاوەڵان پەیڕەوی ئەبوبەکرو عومەر بکەن.[10]

عومەر (رەزای خوای لێبێت) زۆر نزیك بوو لە پێغەمبەر ﷺ و راوێژی پێدەکرد، لە کارە گرنگەکاندا، لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ ئامادەی هەموو غەزاکان بوو، خزمایەتیشی لەگەڵ کردووە بەوەی کە حەفصەی دایکی ئیماندارانی لێ مارە کردووە، ئەبوبەکریش (رەزای خوای لێبێت) بە

---

١) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٣٠ الرواية رقم ٤٧١ وابن سعد: الطبقات ٣: ٣٢٧، ٣٢٨، وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٢٢٣.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٢: ٤١٠) واحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٣٠ الرواية رقم ٤٧٢ باسناد صحيح و ١: ٣٤٤ الرواية رقم ٤٩٦ باسناد صحيح و ١: ٣٦٢ الرواية رقم ٥٣٠ وأبو داود: السنن ٣: ١٢٧، والهيثمي: مجمع الزوائد ٩: ٦٩، ٧٧.

٣) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٩٨، ٢٤٨، ٢٤٩ بأسانيد صحيحة وحسنة.

٤) بقي بن مخلد ص ٨١.

٥) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١: ٥٠٤و ٨: ١٦٨) ومسلم : الصحيح ٤: ١٨٦٥ وآية التخيير هي الخامسة من سورة التحريم.

٦) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٢٢، ٤٠).

٧) مسلم: الصحيح ٤: ١٨٨ أحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٥٥ بسند صحيح.

٨) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٥٥، ٢٥٧، والبخاري: الصحيح ٧: ١٩، ٤١ ومسلم : الصحيح ٤: ١٨٦٢.

٩) البخاري: الصحيح ٧: ٤٢.

١٠) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٣٢، وابن ماجة : السنن ١: ٣٧ كلاهما بإسناد صحيح.

زۆری راوێژی پێدەکرد، هەر ئەویش بوو پێشنیازی کۆکردنەوەی قورئانی بۆ کرد،[١] لە دوای خۆیشی خیلافەتی بۆ بەجێهێشت پاش راوێژکردن بە سەرانی هاوەڵانو رەزامەندیان،[٢] بە نازناوی ئەمیرولمۆئمینین بانگ دەکرا.[٣] لە سەردەمی خیلافەتدا لێهاتووی سیاسیو ورەو سازاندنو رێکخستنی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی دەکرێنەوەو شەوخوونی لە پێناو بەرژەوەندیی موسڵمانانو راگرتنی دادگەریی لە وڵاتداو بەرفراوانی راوێژ، ئەمانە هەمووی سیمای سەردەمی عومەر بوون. ئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو لە کۆڕی عومەر پێشینو جێگای راوێژی بوون، پیر بوایەن یان لاو،[٤] هەروەها لێپێچینەوەی دەکرد لەگەڵ "والی" دەڤەرەکان[٥] بە پی بنەڕەتی: "من أين لك هذا"، واتە: ئەمەت لە کوێ بوو؟ قەدەغەشی کردبوو لەسەریان زیان بە موسڵمانان بگەیەن، دەرگاشی والا بوو بۆ سکالای خەڵکیی،[٦] هەروەها کاروباری فەرمانڕەوای رێکخست بە شێوزای دانانی تۆمارگە (دیوان) بۆ هەر بوارێك،[٧] سەرکردەو دەمسپی بۆ تیرەو هۆزەکان دەست نیشان کرد،[٨] کارکردنی داهێنا بە مێژووی کۆچکردن، بە رەوای نەدەزانی لە خەزێنەی موسڵمانان هیچ ببات، جگە لە دوو پۆشاك نەبێت بۆ زستانو هاوین، وشترێکیش بۆ سواربوونی خۆی، خۆراکیشی وەکو خۆراکی کەسێکی حاڵمامناوەندی بوو لە موهاجیران.[٩]

وتارو نامەکانی بۆ سەرکردەو لێپرسراوەکان ئاماژە دەکەن بە رەوانبێژیی زۆرو ئاخاوتنی روون لەگەڵ کورتکردنەوەی بەسوود و خۆوەدوورگرتن لە درێژدادڕیی‌و نامۆ بەکارهێنانو زیادەڕەوی، هەروەها

---

١) البخاري: الصحيح ٨: ٣٤٤، ومسلم: الصحيح ٤: ١٩١٣.

٢) ابن سعد: الطبقات ٣: ١٩٩، والبلاذري: أنساب (الشيخان) ٧٠ـ ٧٣.

٣) وإبن سعد: الطبقات ٤: ٢٨١، والطبراني: المعجم الكبير ١: ١٨، وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٢٢٧، والحاكم: المستدرك ٣: ٨١.

٤) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٥١ باسناد صحيح.

٥) أحمد فضائل الصحابة ١: ٢٩٣.

٦) وإبن سعد: الطبقات ٤: ٢٨١.

٧) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٢٨، وإبن سعد: الطبقات ٣: ٣٠٠ باسناد صحيح، ويعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ٢: ٥٨.

٨) هەمان سەرچاوە پێشووەکان.

٩) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٤٠٥، وإبن سعد: الطبقات ٣: ٢٧٥ واسنادهما صحيح.

بە ورديش ئاماژە بە هەستی قوولّی عومەر دەکەن بە بەرپرسیارێتی لە ئاستی ئاینو موسلّمانان، هاوکات لەگەلّ پشت بە خوابەستنو متمانە بە خۆکردن.[1]

دەولّەتی ئیسلامیی لە سەردەمی عومەر سەرکەوتە سەر فورسو رۆمەکانو دەڤەری هیلالی ئەلخەصیبو میصر ئازادکران، هەر لەو سەردەمەشدا شارەکانی کووفەو بەصرەو ئەلفوستات دامەزران، دەولّەت لە گەشەکردنیکی بەردەوامدا بوو تا ئەو کاتەی ئەبولوولوئەی مەجووسی شاگردی موغەیرەی کوڕی شوعبە، هەلّسا بە تیرۆرکردنی عومەری کوڕی خەتتاب لە کاتی بەرنوێژیکردنی بۆ موسلّمانان لە نوێژی بەیانی لە زیلحیجەی سالّی ٢٣ی کۆچی، پاش دە سالّ و شەش مانگ[2] خیلافەتو لە تەمەنی شەستو سێ سالّیدا.[3]

ئەو بۆچوونەش پێشدەخەم کە هۆکاری کوشتنی عومەر دەگەڕێتەوە بۆ پالّنەرێکی کەسایەتیی لای بکوژە ئاگرپەرستەکەی کە دارتاشێکی عەجەمیی لێزان بوو، عومەریش (رەزای خوای لێبێت) هێنانی عەجەمی پێگەیشتووی جگە لە موسلّمانان قەدەغەکردبوون، بەلاّم بەرژەوەندیی خەلّکیی وایدەخواست کە بهێنرێن.[4]

١) محمد حميد الله: مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة ٤٠٦ـ ٥٢٨.

٢) مسلم: صحيح ١ـ ٣٩٦ رقم ٥٦٧، وإبن سعد: الطبقات ٣: ٥٦٣، وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٣٩.

٣) أبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٥٩١.

٤) إبن سعد: الطبقات ٣ـ ٣٤٩ باسيناد صحيح.

باسی سێیەم:

عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێت)

عوسمانی کوڕی عەففانی کوڕی ئەبولعاصی کوڕی ئومەیەی کوڕی عەبدوششەمسی کوڕی عەبدولمەناف، دایکیشی ئەروای کچی کورەیزە کە ئەویش هەر لە تیرەی بەنی عەبدوششەمسە.[1] لە دوای (عام الفيل) بە شەش ساڵ لە دایك بووە لە شاری تائیف.[2]

دەگێڕنەوە باڵای مام ناوەند بووە، ڕوخساری جوان بووە و هەندێ پەڵەی لە نەخۆشی ئاوڵە پێوە مابوو، پێست ناسكو ریش پانو گەنم ڕەنگو تووکن بووە،[3] دەناسرا بە شەرمی زۆرو زرنگی پەسەند[4] و داوێن پاکییو پەیوەندیی خزمایەتی بەجێهێنان[5] و دینداریی[6] و درێژیی شەونوێژ[7] و گریان لە کاتی باسکردنی ڕۆژی دوای[8] و خۆبەکەم زانین[9] و بەخشندەی، چونکە ئەو بازرگانیی دەکرد پێش ئیسلامو سامانێکی زۆری بەدەستهێنابوو، جا زۆرێکی لەو سامانەی دەبەخشی لە پێناو بەرژەوندی ئیسلامیی لە قۆناغی بانگەوازو فەرمانڕەوایدا، وەکو بەگوێکردنێك بۆ پێغەمبەر ﷺ کاتێك هانی موسڵمانانی دا بۆ کڕینی بیری ڕوومە و خوای گەورە قەرەبووی بکڕەکەی لە بەهەشت[10] بداتەوە، عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) ئەو بیرەی کڕی کە تاکە بیرێك بوو لە مەدینە ئاوەکەی شیرین بوو،

---

١) إبن سعد: الطبقات ٣: ٥٣، وخليفة" الطبقات ١٠، وإبن عبدالبر: الاستعاب ٣: ٦٩.

٢) الدياربكري: تأريخ الخميس ٢: ٢٥٤.

٣) ابن سعد: الطبقات٣، ٥٨٣ بە دوو سەنەدی لاواز، وأبو نعيم: معرفة الصحابة ١: ٢٣٦، وإبن عبدالبر: الاستعاب ٣: ٧٤.

٤) مسلم: الصحيح (بشرح النووي) ١٥: ٦٨، ١٦٩، أحمد: فضائل الصحابة ١: ٤٦٥ بسند صحيح.

٥) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٤٥٢ بسند صحيح.

٦) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٤٥٥ بسند صحيح.

٧) إبن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٧٥ـ ٧٦، باسناد حسن.

٨) أحمد: الزهد ٤٢. والترمذي: السنن ٤: ٥٥٣ باسناد حسن.

٩) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٤٥٩ بسند صحيح وإبن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٥٩ بسند صحيح.

١٠) أحمد المسند ١: ٧٤ـ ٧٥، وصححه أحمد شاكر، والترمذي: السنن ٥: ٦٢٥ـ ٦٢٧ بسند جيد، والنسائي: السنن ٦: ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٦ بسند صحيح. والدارقطني: السنن ٤: ١٩٩ بسند صحيح.

کردی بە خێر لە پێناو خوادا، هەروەها پارچە زەوی یەکی کڕی بۆ فراوانکردنی رووبەری مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ کاتێك پێغەمبەر ﷺ هانی موسڵمانانی دا بۆ ئەو مەبەستە.[1]

پێغەمبەر ﷺ بانگەوازی کرد بۆ ئامادەکردنی سوپای عوسرە کە بە ئاڕاستەی تەبووك بەرێدەکەوتو ژمارەی سی هەزار کەس بوو،[2] لەو ساتەدا عوسمان (رەزای خوای لێبێت) خەرجیی گەورەو مەزنی دەستەبەرکرد بۆ ئامادەکردنی سوپاکە،[3] کە گەیشتە بڕی هەزار دیناری ئاڵتون، جا ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "ما ضر ابن عفان ما عمل بعد اليوم ـ يرددها مراراً ـ"[4] واتە: دوای ئەمڕۆ عوسمان هەرچی کارێك ئەنجام بدات زیانی بۆی نابێت ـ چەندین جار ئەو قسەی دووبارە کردەوە ـ.

عوسمان رەزای خوای لێبێت هەر لە کاتێکی زووەوە موسڵمان بوو لەسەر بانگهێشتی ئەبوبەکری صدیق (رەزای خوای لێبێت)،[5] ئەمجا کۆچی کرد بۆ حەبەشە[6] لەگەڵ ڕوقیەی کچی پێغەمبەر ﷺ کە خێزانی بوو، دواتر گەڕایەوە مەککەو جارێکی دی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[7]

لە جەنگی بەدر دواکەوت بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بۆ چاودێریکردنی ڕوقیەی خێزانی کە نەخۆش بوو، بەڵێنی پاداشتو بەشی کەسێکیشی پیدا کە ئامادەی شەڕەکە بووبێت،[8] ئامادەی شەڕەکانی

---

١) الترمذي: السنن ٥: ٦٢٧ والنسائي: السنن ٦: ٢٣٤ بسند صحيح.

٢) الواقدي: المغازي ٣: ٩٩٦، وابن سعد: الطبقات ٢: ١٦٦ بەبێ ئیسناد، وابن حجر: فتح الباري ٨: ١١٧.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباری ٥: ٤٠٦ـ ٤٠٧) شێوازی (تعليق) (قال)ە بەکارهێناوە لە مامۆستاکەیەوە کە ئەمە وایکرد ئیبنو حەجەر بە (اجازة) یان (مناولة) یان (عرض) بیژمێرێت (الفتح ٢: ١٥٨).

٤) احمد: المسند ٤: ٧٥و ٥: ٦٣، والحاكم، المستدرك٣: ١٠٢، زەهەبیش وتوویەتی (صحيح)ە.

٥) إبن إسحق: السير والمغازي ١٤٠ بەبێ ئیسناد، واقیدییو بیلازوریی ناکۆکی لەسەر ئەم هەواڵە دەکەن و دەڵێن: ئەبوبەکرو عوسمانیش بە بانگهێشتی راستەوخۆی پێغەمبەر ﷺ موسڵمان بوون، (إبن سعد: الطبقات ٣: ٥٥ عن الواقدی، والبلاذري: أنساب الاشراف ٥: ٢) بەم شێوەیەش ریوایەتێکی (صحيح) مان لەبەردەستدا نییە دەربارەی چۆنێتی موسڵمان بوونی، بەڵام ئەوە بێ چەنوچوونە کە لە کاتێکی زۆر زوو موسڵمان بووە.

٦) البخاري: الصحيح (فتح الباري٧: ٥٣، ٥٦، ١٦٣، ١٨٧).

٧) إبن اسحق: السير والمغازي ١٧٤، ١٧٦، وابن سعد: الطبقات الكبرى ١: ٢٣٧ـ ٢٣٨، بسند منقطع فهو ضعيف، ويعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ٣: ٢٦٨ بسند موصول الى النبي ﷺ ـ والحاكم، المستدرك ٢: ٦٢٣ باسناد صحيح الى الزهري، ومراسيل الزهري ضعيفة ٤: ٧٧.

٨) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٦: ٢٧١، ٧: ٦٦، ٦٧، ٤٢١).

تر بوو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ، نێردراوی ئەویش بوو بۆ لای قورەیش لە حودەیبی یە، بۆیە ئامادەی (بیعة الرضوان) نەبوو، پێغەمبەریش هەردوو دەستی خۆی لە یەکداو فەرمووی: "هذه عن عثمان"،[1] واتە: ئەمەیش لە جیاتی عوسمان.

عوسمان (رەزای خوای لێبێت) لە سەرانی هاوەڵە نزیکەکان بوو لە پێغەمبەر ﷺ ڕوقیەی کچیشی لێ مارە کرد و خێزانی بوو تا وەفاتی کرد، ئەمجا پێغەمبەر ﷺ دووەم کچی لێ مارە کرد کە (ام کلثوم) بوو، هەر بۆیە نازناوی لێنرا بە (ذي النورين)[2] لە چەندین بۆنەدا پێغەمبەر ﷺ مژدەی بەهەشتی پێداوە،[3] هەروەها مژدەی ئەوەش کە بە شەهیدی دەمرێت.[4]

هاوەڵان ئەم پلە و پایەی عوسمانیان دەزانی، بۆیە پیان وابوو لە پاش ئەبوبەکرو عومەر کەسی پیاناگات لە چاکەو رابوردووی پرشنگدار،[5] سەدو چلو شەش فەرموودەی لە پێغەمبەر ﷺ گێڕاوەتەوە.[6]

لە پاش کۆچکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ لای پەروەردگار، عوسمان (رەزای خوای لێبێت) نزیك بوو لە ئەبوبەکرو دواتر عومەر، کە راوێژیان پێدەکرد، ئەوکاتەیش عومەر (رەزای خوای لێبێت) لیدرا ئەنجومەنی راوێژی پێکهێنا لە شەش کەس لەوانەی شایەتی بەهەشتیان بۆ دراوە، ئەوانیش لە پاش راوێژکردن بەو کەسانەی شایانی راوێژپێکردنن[7] عوسمانیان لە نێو خۆیان هەڵبژارد، لە یەکی موحەڕەمی ساڵی بیستو چواری کۆچی.[8]

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري٧: ٤٥).

٢) أبونعيم: معرفة الصحابة١: ٢٤٥، باسناد حسن الى الحسن البصري، لكنه مرسل ضعيف، وله شاهد باسناد ضعيف في تأريخ بغداد للخطيب ٢: ٢٣١.

٣) البخاري: الصحيح (فتخ الباري ٧: ٢٢، ٤٢، ٥٣، ١٠: ٥٩٧، ١٣: ٢٤٠) وأبوداود: السنن الحديث رقم (٤٦٥١)، والترمذي: السنن٥: ٦٢٤.

٤) مسلم: الصحيح (بشرح النووي)١٥: ١٩٠- ١٩١، والترمذي: السنن٥: ٦٢٧ وقال حديث حسن، هەروەها لەم بارەوە بڕوانە: (فتح الباري ٧: ٣٨).

٥) البخاري الصحيح (فتح الباري ٧: ١٦، ٥٤).

٦) بقي بن مخلد: مقدمة المسند ٨٢.

٧) البخاري الصحيح (فتح الباري ٧: ٥٩- ٦٢و ٣: ٢٥٦، ١٣: ١٩٣- ١٩٤) ومسلم: الصحيح١: ٣٩٦، وابن تيمية: منهاج السنة ٣: ١٦٦.

٨) إبن سعد: الطبقات ٣: ٦٤، وخليفة: التاريخ ١٥٦، والطبري: تأريخ ٤: ٢٤٢.

عوسمان لە سەردەمی خیلافەتی خۆی كۆكردنەوەی دووەمی قورئانی ئەنجامدا،[1] بەو كارەشی قورئانی پاراستو جیاوازیی قەدەغە كرد لە شێوازەكانی خوێندنەوەیدا، تەنها بە شێوەی زمانی قوڕەیشی نەبێت، سوورەتەكانیشی ڕێكخست، ئوممەتی ئیسلامیش لە هەموو سەردەمەكاندا یەكدەنگ بوونە لەسەر موصحەفی عوسمان.[2]

هەروەها هەڵسا بە گەورەكردنەوەی هەردوو حەرەمی مەككەو مەدینە، بونیادی مزگەوتی مەدینە بە خشتو گەڵای دارخورماو ستوونی دار دروست كرابوو، لە ساڵی (٣٠)ی كۆچی گەورەكردنەوەیەكی چاكی بۆ ئەنجامدا لە بەردی نەخشكراو دیوارەكانی رازاندەوە، كۆڵەكەكانیشی بە هەمان شێوە لە بەردی نەخشكراو دروست كردو سابینەكانیشی لە داری ساج، شەش دەرگاكەشی وەكو سەردەمی عومەر هێشتەوە.[3]

یەكێ لە چاكسازی یەكانی دیكەش كە لە سەردەمی عوسمان ئەنجام درا هەڵكەنینی روباری (الابلة) بوو بە درێژی (٢٤) كیلۆمەتر، هەروەها روباری (الأساورة) كە هەردووكیان لەشاری بەصرە بوون.[4]

موسڵمانان لە سەردەمی خیلافەتی ئەودا ئەو ناوچانەی لەسەردەمی عومەرو سەرەتای سەردەمی عوسمان لیان داگیركرابوو گێڕایانەوە، فتوحات لەو سەردەمەدا بڵاوبوویەوەو چەندان دەڤەری تازە كە پێشتر ئازاد نەكرابوو وەكو ئازەربایجان، ئەرمینیا، ئەفریقیا (تونس) و نەوبە، دوورگەی قوبرس، كابول، خوراسان، شیراز، ئیستەخر، سابوور، درابجوردو ئەرجان هەمووی كەوتە ژێر دەستی موسڵمانان.

---

١) قورئان بڕبڕ دادەبەزی، ئەگەر ئایەتێك یان چەند ئایەتێك دابەزیبا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دەكرد بە نووسەرانی سرووش كە بینوسنەوەو جێگاكەی پێدەوتن لە سوورەتەكە، ئەوانیش ئەو ساتە لەسەر پەڕۆو بەردی سپی تەنك و گەڵای دارخورما دەیاننووسی، جا لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەكر فەرمانی كرد بە زەیدی كوڕی سابیت كە لەو شوێنانەو لای ئەوانەی لە بەریان بوو كۆی بكاتەوەو ئەویش هەڵسا بەو كارە، لە خیلافەتی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانی بە زەید كرد كارەكە دووبارە بكاتەوە پشت بەستن بەوەی كە لە سەردەمی ئەبوبەكر كۆی كردبوویەوە، ئەمجا هەڵسان بە وردبینیو ڕێكخستنی سوورەتەكانو چەند نوسخەیەكیان لەبەر گرتەوەوە دابەشیان كرد بەسەر ناوچەكاندا بۆ ڕێگە گرتن لە دروستبوونی جیاوازی خوێندنەوە.

٢) ابن حجر: فتح الباري ٩: ٢١.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١: ٥٤٠) والطبري: تأريخ ٤: ٢٦٧ وابن حجر: فتح الباري ١: ٥٤٥.

٤) خليفة: التأريخ ١٦٥ـ ١٦٦.

ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریش لەو سەردەمەدا گەشەی کرد بە هۆی فراوانی داهاتەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگا، بۆیە عوسمان بەخشینی زیاد کردو خەڵکیش خەرجیان زیاد دەکرد.[1]

دانیشتوانی هەندێ لە دەڤەرەکان بە هاندنی ئیبنو سەبەء دەستیان کرد بە ورتە ورتکردن لەو فەرمانڕەوایانەی عوسمان دانابوون ، بۆیە مونافیقەکان کۆبوونەوەو ئابڵوقەی ماڵی خەلیفەیان دا، لە پاش هەندێ مشتومڕ هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی‌و کوشتیان، کە ئەو کاتە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، لە وساتەی کوژرا بە ڕۆژوو بوو و قورئانی دەخوێند، لە ساڵی (٣٦ك) کە بە ساڵی پشێوئە (فیتنە) ناسرا، کوژرانی بوو بە مایەی زنجیرەیەك لە پشێویی و ئاژاوە کە یەکڕیزیی موسڵمانانی تێکدا.

١) عمر بن شبة: تأريخ المدينة ٣: ١٠٢٣ ـ ١٠٢٤، بسند صحيح.

باسی چوارەم:

عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕەزای خوای لێبێت)

عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوصەی، ئامۆزای پێغەمبەرە ﷺ، دایکیشی فاتیمەی کچی ئەسەدی کوڕی هاشمە.[١]

پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ لە دایك بوو، کاتێك موسڵمان بوو تەمەنی پێنج ساڵ،[٢] یان هەشت ساڵ[٣] ، یان دە ساڵ بوو[٤]، بە پی جیاوازیی بەهێزترین ریوایەتەکان، دەشگێڕنەوە کە ئەو کاتە تەمەنی پانزە یان شانزە ساڵ بووە.[٥]

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بە ئازایو وتاربێژیو ڕەوانبێژی دەناسرا، هەروەها بە لێهاتووی و دادوەری، بۆیە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دەیفەرموو: "اقضانا علي" دادوەرترینمان عەلی یە.[٦] هەروەها جوداکاریی بوو بە بیروباوەڕی بەهێزو فیقهی وردو توانای لەسەر کاریگەریی و قەناعەت پێکردن، وەك تێبینی دەکرێت کە هەمەدان هەمووی لە یەك ڕۆژدا موسڵمان بوون لەسەر دەستی و[٧] پێغەمبەر ﷺ ناردی بۆ لای بەنی جوزەیمە پاش غەزاکەی خالید بۆ سەر ئەوان بۆ چاککردنی ئەو هەڵەی دروست بوو بوو و توانی چاکسازیی بکات.[٨] لە وەرزی حەجکردن لە ساڵی ٩ی کۆچی پێغەمبەر ﷺ عەلی نارد بۆ مەککە بۆ ڕاگەیاندنی سەرەتای سورەتی (براءة).[٩] چاکەو جوامێری یەکانی عەلی ناوبانگیان هەیە، پێغەمبەریش ﷺ بە خۆی پلەو پایەی ئەوی ڕوونکردۆتەوە لە

---

١) إبن هشام: السيرة النبوية ١: ١٦١ـ ١٨٩، ومصعب الزبيري: نسب قريش ٢٤٠ وهشام الكلبـي: جمهرة النسب ١: ٣٠.

٢) الطبراني: المعجم الكبير ١: ٥٣ بە ئیسنادێکی (حسن) بۆ موحەممەدی باقر ئەمجا مورسەلیشە چونکە باقر ئەو ڕووداوەی نەبینیوە خۆی، لەوانەشە قسەیەکی بۆ ماوە بێت لە ناوەندی خێزانەکە بۆیە ریوایەتی تر پێشدەخات، ئەمجا لەگەڵ تەمەنیشی دەگونجێت لە جەنگی بەدر، چونکە ئەوکاتە بیست ساڵان بوو، (الطبراني: المعجم الكبير ١: ٦٤، والحاكم: المستدرك ٣: ١١١ وصححه ووافقه الذهبـي).

٣) الطبراني: المعجم الكبير ١: ٥٣.

٤) إبن هشام السير النبوية ١: ٢٦٢ ەبەبێ ئیسناد، ئیبنوحەجەریش هەڵیبژاردووە لە (الاصابة) ٢: ٥٠١.

٥) الطبراني: المعجم الكبير ١: ٥٤ من مراسيل الحسن البصري.

٦) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ١٦٧).

٧) الطبري: تأريخ ٣: ١٣١ـ ١٣٢ باسناد صحيح.

٨) ابن هشام: السيرة ٤: ٧٢ـ ٧٣ مرسل ابن جعفر الباقر.

٩) أحمد: المسند ١: ١٥٦و ٢: ٣٢، وصححه أحمد شاكر، والنسائي: خصائص علي ٩٣ـ ٩٥ باسناد صحيح.

چەندین جێگادا، تەنانەت پێشەوا ئەحمەدو ئیسماعیلی قازییو نەسائیو ئەبوعەلی نەیسابورییی وتویانە: "فەرموودەی دەربارەی هیچ هاوەڵێك بە سەنەدی چاك نەهاتووە ئەوەندە دەربارەی عەلی هاتووە".[1] لەوانە فەرمووەدی: "من كنت مولاه فهذا علي مولاه".[2] هەرکێ من سەرگەورەی بم عەلی سەرگەورەی ئەوە. هەروەها فەرموودەی: "أنت مني وأنا منك".[3] واتە تۆ لە منیو من لە تۆم. مەبەستی لە خزمایەتیو زاوایەتیو خۆشەویستیو رابردووی پرشنگدارە.[4]

پێغەمبەر ﷺ شایەتی بۆ عەلی داوە کە بەهەشتی یە و خوای گەورە دڵی تاقیکردۆتەوە لەسەر ئیمان[5] و ئەو کەسێکە خواو پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت[6]، ئەوەش کە کەسێك خۆشی ناوێت ئیماندار نابێت، کەسێکیش کینەی نابێت بەرامبەری دووڕوو نەبێت.[7]

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) لە نێو ماڵی پێغەمبەر ﷺ دا پەروەردە بوو، وەکو هاوکاری یەك بۆ ئەبوتالیبی مامی[8]، لە شەوی کۆچکردنیشیدا عەلی لەسەر جێگای پێغەمبەر ﷺ خەوتو پۆشاکی ئەویشی لەبەر کرد تاکو بتپەرستەکان بە دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ نەزانن،[9] هەر بۆیە سێ ڕۆژ کۆچکردنی دواکەوت لە پێغەمبەر ﷺ.[10]

---

١) ابن حجر: فتح الباري ٧: ٧١.

٢) أحمد: فضائل الصحابة ٧٠٥ باسناد صحيح والترمذي: السنن (تحفة الاحوذي) ١٠: ٢١٤ـ ٢١٥ وقال: حسن غريب، والنسائي: خصائص علي ٩٦.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٤٩٩).

٤) ابن حجر: فتح الباري ٧: ٥٠٧.

٥) أحمد بن حنبل، المسند١: ١٨٨ وفضائل الصحابة ١١٦ باسناد صحيح وأبوداود: السنن ٤: ٢١١ والترمذي: السنن ٥: ٦٥٢ وقال: حديث حسن.

٦) الترمذي: السنن (تحفة الاحوذي) ١٠: ٢١٧ـ ٢١٨ وقال حسن صحيح غريب، وأبوداود: السنن (مع شرح الخطابي) ٣: ١٤٨، وأحمد: المسند ٣: ٣٣،٨٢ و ٦: ١٠٦، ١٢١، والبزار: المسند ٣: ١١٨ والحديث صحيح بمجموع طرقه.

٧) البخاري: الصحيح ١: (فتح الباري ٧: ٧٠) ومسلم: الصحيح ٤: ١٨٧٢ـ ١٨٧٣.

٨) مسلم: الصحيح ١: ٨٦.

٩) ابن اسحاق: السيرة ١١٨ بدون اسناد.

١٠) أحمد: المسند ٥: ٢٥ـ ٢٧، وقال محققه أحمد شاكر: إسناده صحيح، وإبن هشام: السيرة النبوية٢: ١٢٤، ١٢٦ـ ١٢٧، والحاكم: المستدرك ٣، ٤، وقال الذهبي صحيح.

عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) لە هەموو غەزاکان بەشداری کرد لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ تەبووك نەبێت، لە جەنگی بەدریشدا هەڵگری ئاڵا بوو کە هێشتا تەمەنی بیست ساڵان بوو،[1] ئازایەتیەکی لە ڕادەبەدەریشی دەربڕی لە جەنگی ئوحوددا.[2] بەرەنگاری عەمری کوڕی ودی عامری بوویەوە کاتێك ویستی خەندەقەکە بشکێنێ لە غەزای ئەحزابو کوشتی، هەروەها یەکێك بوو لە بەناوبانگترین سوارچاکەکانی عەرەب،[3] هەرئەویش هەڵگری ئاڵا بوو لە کاتی کردنەوەی شاری خەیبەر لە ساڵی (٧)ی کۆچی، خوای گەورەیش سەرکەوتنی لەسەر دەستی هێنا،[4] یەکێکیش بوو لەوانەی کە جێگای خۆیان بەرنەدا لە موهاجیرو ئەنصارەکان کاتێك خەڵکیی هەڵهاتن،[5] پێغەمبەریش ﷺ ئەوی بە جێگری خۆی لە مەدینە بە جێهێشت لە کاتی غەزای تەبوکدا،[6] ئەگەرچی عەلی زۆر ئارەزووی بەشداربوونی ئەو جیهادە بوو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ پی فەرموو: "ألا ترضى أن تكون مني بمنزلة هارون من موسى ـ غير أنه لا نبي بعدي".[7] واتە: ئایا ڕازیی نابیت پلە وپایەی تۆ لای من وەکو پلەو پایەی هارون بێت لای موسا، بەڵام پێغەمبەر نایەت دوای من، دوو جاریش بۆ یەمەن ناردوویەتی، جارێك بۆ بانگەوازو غەزا لە ساڵی (٩) ی کۆچی و جارێکیش وەکو دادوەر.[8]

ئەوکاتەش پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد، بەبێ ئەوەی کەسێك دەستنیشان بکات بۆ سەرکردایەتی موسڵمانان[9]، ئەنصارەکان کۆبوونەوەی سەقیفەیان ئەنجامدا بۆ دانانی خەلیفە، ئەبوبەکرو عومەرو ئەبوعوبەیدە ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوون، جا لە دوای هەندێك وتووێژ ئەوەبوو ئەبوبەکر وەکو

---

١) الحاكم: المستدرك ٣: ١١١ وقال: صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبي.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٣٧٢) ومسلم: الصحيح (شرح النووي) ١٢: ١٤٨.

٣) ابن هشام: السيرة النبوية ٣: ٣٢٥ـ ٣٢٦ بدون اسناد والواقدي المغازي ٢، ٤٩٦.

٤) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٧٠) ومسلم : الصحيح ٤: ١٨٧٢ـ ١٨٧٣.

٥) احمد: المسند ٣: ٣٧٦ ورجاله رجال الصحيح، وابن هشام: السيرة ٤: ٨٧ـ ٨٨ بسند صحيح.

٦) مسلم: الصحيح ١: ٨٦.

٧) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ٦٥ـ ٦٩)ـ والفتح الباري ١٢: ٢٩١، ٢٩٣، وأبو داود : السنن٤: ١١ـ ١٢، والنسائي (السنن ٥: ١١٥، والحديث حسن بمجموع طرقه).

٨) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٨: ١٤٢، ١٤٨، ١٣: ٢٠٥ـ ٢٠٦) ومسلم الصحيح: ٣: ١٤٥٤، ١٤٥٥، وأحمد: المسند ١: ١٢٨ باسناد صحيح.

٩) البخاري: الصحيح (فتح الباري٧: ٤٩٣) ومسلم: الصحيح (شرح النووي) ١٢: ٧٦.

خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژێردرا، عەلی لەو کۆبوونەوەیە دواکەوت، موسڵمانانیش بەکۆی دەنگ بەیعەتیان دایە ئەبوبەکر، بێئەوەی کەسێك مشتومڕ بکاتو لە ڕۆژی دووەم بەیعەتی گشتیی پێدرا لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ عەلی-ش لەگەڵ موسڵمانان بەیعەتیدا ـ لە ریوایەتێکدا [1]ـ بەڵام لە ریوایەتی تردا هاتووە کە بەیعەتەکەی دواخست بۆ ماوەی شەش مانگ وەکو نارەزای یەك لەسەر راوێژ پێنەکردنی لە مەسەلەی خیلافەت، چونکە ئەو ئامادەی کۆبوونەوەی سەقیفە نەبوو، دواتریش ناکۆکیی دروست بوو لە نێوان فاتیمەو ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) لەسەر میراتی پێغەمبەر ﷺ، چونکە ئەبوبەکر پەیوەست بوو بەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ : "نحن معاشر الانبياء لا نورث، ماتركناه صدقة". واتە: ئێمەی پێغەمبەران ماڵمان بە میرات ناگیردرێت، ئەوەی کە لێمان بەجێدەمێنێت خێرو صەدەقەیە.[2] جا کاتێك فاتیمە وەفاتی کرد، عەلی بەیعەتی دایە ئەبوبەکر،[3] لە چەندان ڕێگەشەوە ریوایەت کراوە لە عەلی کە فەرموویەتی: "خير هذه الامة بعد نبيها أبوبكر ثم عمر"[4] واتە: چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبوبەکرە و ئەمجا عومەر.

لە سەردەمی عومەریش عەلی یەکێ بوو لە راوێژپێکراوە نزیکەکان، باری سووك دەکردەوەو بەخیلی نەدەکرد لە دەربڕینی هیچ بیروڕایەك بۆی، کۆششی دەکرد لەگەڵی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە دەقێکی شەرعیی دەربارەیان نەهاتووە، هەروەها لە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو.[5]

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري٦: ١٩٧، ٧: ٤٩٣) ومسلم: الصحيح ٣: ١٣٨٠.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٦: ١٩٧، ٧: ٤٩٣) ومسلم: الصحيح ٣: ١٣٨٠.

٣) الحاكم: المستدرك: ٣: ٧٦ وقال صحيح على شرط الشيخين، وسكت عنه الذهبي واسناده صحيح والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١١٣ باسناد صحيح.

٤) إبن تيمية: منهاج السنة ١: ٣٠٨و ٦: ١٣٧و ٧: ٥١١ـ ٥١٢ وقال: ان طرقه تبلغ ثمانين طريقاً، وانظر البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٢٠).

٥) عبدالحميد علي ناصر: خلافة علي بن أبي طالب ـ دراسة تقدية للروايات ـ ص ٧٠ وانظر عن امثلة ذلك: أحمد: فضائل الصحابة ٢: ٧٠٧ باسناد صحيح، وأبا داود: السنن (بشرح الخطابي)٤: ٥٨٨ باسناد صحيح.

لە گرنگترین راوێژەکانی رازیبوونی بوو لەسەر بۆچوونی عومەر لەسەر دابەشنەکردنی ئەو زەویانەی کە دەسیان بەسەرا دەگیرا.[1] هەروەها پێشنیازکردنی بۆ دەستپێکردنی مێژووی ئیسلامیی لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە.[2]

کاتێك عومەر شەهید کرا عەلی کرد بە یەکێ لە پێکهێنەرانی ئەنجومەنی شورا بە مەبەستی هەڵبژاردنی کەسێك لە نێو خۆیان وەکو خەلیفە، ئیتر بەیعەت درا بە عوسمانو عەلی-ش یەکێك بوو لەوانەی بەیعەتی پێدا، دووەم کەس بوو دوای عەبدورەحمانی کوڕی عەوف،[3] نزیکیش بوو لە عوسمانەوە، راوێژی پێدەکرد لە کارە گرنگەکاندا، لە مەزنترین راوێژەکانیشی پەسەندکردنی بوو بۆ مەسەلەی کۆکردنەوەی خەڵکیی لەسەر یەکخوێندنەوە بۆ قورئان بە مەبەستی قەدەغەکردنی جیاوازیی.[4]

جگە لەمانەش عەلی بە پەرۆشبوو بۆ ئامۆژگاریکردنی عوسمانو چاکسازی لە نێوان خەڵکیدا لە کاتی دروستبوونی پشێونە، هەوڵیشیدا بەرگری لە عوسمان بکات، حەسەن و حوسەینی کوڕیشی لە نێو بەشداربوانی پاسەوانیی کردنی ماڵی عوسمان بوون،[5] کە ئاژاوەچی یەکانیش ئاویان لە عوسمان قەدەغە کرد عەلی چەند کونئە ئاوێکی بۆ نارد،[6] بەڵام کاتێك داوای ئامادەبوونی کرد نەیتوانی بیگاتێ بە هۆی ئابلۆقەدانی ماڵی عوسمان لە لایەن ئەو ئاژاوەگێڕە مەترسیدارانەوە،[7] لەبەر ئەوەش کە ئابلۆقەدەران رواڵەتیان قسەی جوان و خوێندنەوەی قورئانو نوێژکردن بوو، بۆیە کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد هەڵسن بە کوشتنی خەلیفەی موسڵمانان، هەر ئەوانەش پێشەکی یەك بوون بۆ

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٦: ٢٢٤) وابن زنجويه/ الاموال ١: ١٥٨، ٢٢٣، ٢٢٦، ٢٣٠.

٢) البخاري: التأيخ الكبير ١: ٩، والطبري: التأريخ ٤: ٣٨- ٣٩ وصححه الحاكم والذهبي كما في المستدرك.

٣) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٧: ٥٩ؤ ١٣: ١٩٣).

٤) ابن أبي داود: كتاب المصاحف: ٢٩- ٣٠ باسناد صحيح وابن حجر: فتح الباري ٩: ١٨، والبيهقي: السنن الكبرى ٢: ٤٢.

٥) خليفة: التأريخ ١٧٤، وابن سعد: الطبقات: ٨: ١٢٨ بسند صحيح.

٦) البلاذري: انساب الاشراف ٥: ٦٧.

٧) ابن سعد: الطبقات ٣: ٦٨ بسند صحيح، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٣٦ بسند صحيح، والخلال: السنة ٣٢٨ باسناد صحيح.

دروستبوونی خەواریج، توندوتیژییو كەللەڕەقی ئەوان لەوە دەركەوت كە عوسمانیان كوشت بەبێ هیچ حیسابكردنێك بۆ حورمەتی خەلیفەو شاری مەدینەو شەهرولحەرام[1].

لە كاتی شەهیدبوونی عوسمان، عەلی ئازارو بێتاقەتی نواند بەوەی كە وتی: "ولقد طاش عقلي يوم قتل عثمان وانكرت نفسي".[2] واتە: وەخت بوو هۆشم لە دەست بدەم لەو ڕۆژەی عوسمانی تیادا كوژراو خۆمم لەبەرچاو كەوت.

هەموو خەڵكی مەدینە كۆبوونەوە لەسەر بەیعەت پێدانی عەلی، سەرەڕای ئەوەی كە ئارەزووی نەبوو لە وەرگرتنی، بەڵام دواتر ڕازیی بوو بۆ ڕێگرتن لە بشێویی،[3] وێڕای ئەوەی كە دەیزانی كەس نی یە لە ئەو مافدارتر بێت بۆ خەلیفەیی.[4]

لە پاش دانیشتنی لەسەر تەختی خیلافەت سەرقاڵی بەرنگاری نەیارەكان بویەوە و چەندین شەڕی سەختی گێڕا دژیان لە جەمەلو صفقینو نەهرەوان، توانایەكی بێسنووری پیشاندا لە كۆكردنەوەی سوپاو سەركردایەتیی خەڵكییو ڕوونكردنەوەی حوكمەكانی شەرع لە جەنگە ناوخۆی یەكانی نێو موسڵمانان لەوانەش وازهێنان لە هەڵهاتوو و چاكە لەگەڵ دیلو ئازادكردنی لە دوای تەواو بوونی جەنگ، یان وەرگرتنی پەیمان لەو كەسانە جارێكی تر نەگەڕێنەوە بۆ شەڕكردن، ماڵو سەروەتی ئەوانەشی بە غەنیمەو دەسكەوت نەئەژمارد تەنها چەكو كەرەستەی شەڕیان نەبێت، هەروەها ژنو منداڵی ئەوانەشی بە دەستگیر كراو و دیل نە ئەژمارد، هەروەها نەیارەكانی بێبەش نەئەكرد لە دەستكەوتو نوێژكردن لە مزگەوتەكانو دەستپێشخەری جەنگی لەگەڵ نەئەكردن[5]. بەڵام خەریك بوو خۆی ساز دەدا بۆ شەڕێكی تر لەگەڵ موعاویە، هاوكات سستی و لاوازیی سەربازەكانی لە گوێڕایەڵیدا دەبینی، لەو كاتەداو لەسەر دەستی عەبدوڕەحمانی كوڕی مولجیمی خاریجی لە كووفە بە شەهیدیی گەیشت لە سپێدەی بیستو یەكی ڕەمەزانی ساڵی چلی كۆچیی[6] لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا.[7]

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٢: ١٤٤ـ ١٤٥ واحمد: المسند ١: ٣٢٣ باسناد صحيح.
٢) الحاكم: المستدرك ٣: ٩٥ بسند صحيح.
٣) أحمد فضائل الصحابة ٢: ٧٥٣، باسناد حسن، والحاكم: المستدرك: ٣: ٩٥ باسناد حسن.
٤) أحمد: المسند ٢: ٢٨٧ـ ٢٨٨ وقال أحمد شاكر: إسناده صحيح.
٥) عبدالحميد على ناصر محمد: خلافة علي بن أبي طالب ـ دراسة نقدية للراوايات ٤٤٦ ـ ٤٤٨.
٦) البخاري: التأريخ الكبير ١: ٨٨ـ ١٠٠ بسند صحيح.
٧) البخاري: التأريخ الصغير ١: ١٠٠، ويعقوب بن سفيان: المعرفة والتأريخ ٣: ٣١٦، والطبري: تأريخ ٥: ١٥١.

باسی پێنجەم:
بە بەڵگەبوونی کرداری خەلیفە ڕاشیدەکان

هەندێ کرداری خەلیفە راشیدەکان، هاوەڵان لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوە پێویستە لەسەر نەوەکانی دوای خۆیان پێوەی پابەندبن، هەندێکیشی بواری ڕاوبۆچوونی کەسێتی تیادا نی یە، ئەوەش بە سوننەتی بەرزکراوە دەژمێردرێن، بەڵام هەندێ کرداری تریان زادەی کۆششو هەڵوێستی خۆیان بووە لە نێو هاوەڵاندا کەسانێك ناڕازیی بوون لەسەری، وێڕای ئەوەش لە قسەیان دەرنەچوونو گوێڕایەڵیان کردووە، چونکە خەلیفەکان (أولوا الأمر) بوون و گوێڕایەڵیان (واجب)ە. زانایان دەربارەی ئەم جۆرە کردارانە جیاوازیان تێدایە، هەندێکیان وتوویانە دەبیتە بەڵگە لەسەر نەوەکانی دوای خۆیان بە مەرجێ ناکۆك نەبێت لەگەڵ قورئان و سوننەتدا، وتەی پێشەوا ئەحمەدیش لە یەکێ لە دوو ریوایەت ئاماژە بە بەڵگە بوونی دەکات،[1] لە قسەی ئەوان دەرناچێت بۆ قسەی هیچ کەسێکی تر.

پێشەوا شافیعیی وتەی خەلیفە راشیدیەکان پێش دەخاتە سەر هاوەڵاندا، ئەگەر هاوەڵانیش لەسەر مەسەلەیك بوون بە دوو بەشەوە، خەلیفەکان لەگەڵ بەشێکیان بوون، لەو حاڵەتەدا قسەی خەلیفەکان کاری پێدەکرێت، بەڵام لە ریوایەتێکی تر لە شافیعیەوە هاتووە دەڵێت هەر دوو بەشەکە وەکو یەکنو پێشخستنی بۆچوونیك پێویستی بە فاکتەرێکی پێشخستن هەیە.[2]

پێشەوا شافیعی دەفەرموێت: تاکو قورئان و سوننەت وەستا بن، بەهانە لەسەر گوێگریان بڕاوە بە شوێنکەوتنیان نەبێت، بەڵام ئەگەر وانەبوو، دەچینە سەر بۆچوونی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، یان یەکێك لە نێو ئەوان، ئەگەر مەسەلەی شوێنکەوتنیش بێت ئەوا پێمان خۆشە شوێنی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان بکەوین (ڕەزای خوایان لێبێت)، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئاماژەیەکمان دەستنەکەوت بۆ نزیکترین جیاوازیی لە قورئانو سوننەتەوە، ئەگەرنا کار بەو وتە دەکەین کە بەڵگەدارە، چونکە قسەی خەلیفە ناچارکەرە بۆ ئیش پێکردن.[3]

---

١) الموفق: الروضة الناضر ١: ٣٦٦، والعلائي اجمال الاصابة فى أموال الصحابة ٤٧.

٢) الزركشي: البحر المحيط ٤: ٤٩٠ـ ٤٩٢.

٣) الشافعي: الأم ٧: ٢٦٥، والعلائي: اجمال الاصابة في اقوال الصحابة ٣٨.

(القاضي) لە کتێبی (التقريب) وتوویەتی: ئەوانەی کە رایان وایە قسەی خەلیفە راشیدەکان پێشدەخرێتە سەر هاوەڵانی تر، دەڵێن: ئەوە بە هۆی چاکەی دێرینیی لە ئیسلامو زۆر هاوڕێ یەتی کردنیانە بۆ پێغەمبەر ﷺ[1].

هاوەڵان لە نێو خۆیاندا جیاوازیی یەکتریان بە ئاسای زانیوە، تەنانەت خەلیفەکانیش نکوڵیان نەکردووە لەو هاوەڵەی ناقایلیان لەگەڵ کردوون، بەڵام فەرموودەی: "اني لا أدري ما بقائي فيكم فاقتدوا باللذين من بعدي أبي بكر وعمر".[2] واتە: من نازانم چەند لە ناوتان دەمێنمەوە، بۆیە لە پاش من پەیڕەوی بکەن لە ئەو دوو کەسەی دوای خۆم: ئەبوبەکرو عومەر. مەبەست لەو پەیڕەویکردنە لە ژیاننامەو دادگەریانە، نەك ئەوەی قسەکانیان بەڵگەیەکی ناچارکەر بن بۆ شوێنکەوتنیان، چونکە رێبازی هاوەڵ بەڵگە نی یە لەسەر هاوەڵێکی تر بەیەکدەنگی زانایان، چ جای چوار خەلیفەکان لە نێو خۆیاندا.[3] پێشەوا خەتتابی پەراوێزی نووسیوە لەسەر فەرمودەی: "عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهدين عضوا عليها بالنواجذ".[4] واتە: لەسەرتانە پەیڕەوی بکەن لە سوننەتی منو جێنشینە راشیدە رێنموونیکراوەکانم، بە توندی پابەندی بن، فەرموویەتی: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر یەکێ لە چوار خەلیفەکان قسەیەکی کردو جیاوازی بوو لەگەڵ هاوەڵێکی تر، لەو حاڵەتە گوێڕایەڵی قسەی خەلیفەکە لە پێشترە.[5] ئیبنولقەیم وەکو بەداوادچوون لەسەر ئەم فەرموویەدە وتوویوتی: پێغەمبەر ﷺ سوننەتی خۆیو جێنشینەکانی وەك و یەك داناوەو فەرمانی بە پەیڕەوکردنیان کردووە وەکو یەك، زۆریش جەختی کردووە لەسەر ئەوە کاتێك فەرموویەتی (عضوا عليها بالنواجذ) واتە بە ددان قەپیی لێبگرن، ئەمە پەیوەستە بە فەتوای هەموویان یان زۆربەیان، یان هەندێکیان، چونکە ئەو مەسەلەی هەڵواسیووە بە سوننەتی

١) الزركشي: البحر المحيط ٤: ٤٩٠ـ ٤٩٢.

٢) الترمذي: السنن ٣٦٢ وصحه الالباني (السلسلة الصحيحة ٣: ٢٣٥).

٣) نقله العلائي (اجمال الاصابة ٦٣).

٤) أخرجه الترمذي: السنن: كتاب العلم، حديث رقم ٢٦٧٦ واللفظ له، وقال هذا حديث حسن صحيح، وصححه الالباني: وصحيح الترمذي ٤: ٣٤٢، واخرجه أبوداود: السنن ٥: ٩٧ وقال: صحيح على شرط الشيخين، وصححه أيضاً الحافظ أبونعيم الاصبهاني وأبو العباس الدغولي وغيرهما، كما نقله العلائي في اجمال الاصابة ٤٩.

٥) الخطابي: شرح سنن أبي داود ٧: ١٢.

خەلیفەکانەوە، ئاشکراشە کە ئەوان هەڵنەساون بە دانانی ئەو سوننەتە لە یەککاتدا، کەواتە ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکێك لە چوار خەلیفەکە لەسەردەمی خۆیدا چی کردبێت سوننەتە.[1]

موحەممەدولئەمینی شەنقیتی لە کۆمەڵێك لە زانایان دەگێڕێتەوە کە مەبەست لە پەیڕەویکردنیان تایبەتە بۆ کەسی (مقلد) ئەگەرنا کەسی زاناو شارەزا بە بەڵگە، فەرمانی پێنەکراوە بە وازهێنان لە بەڵگەی ئاشکرا بۆ وتە هیچ کەسێك.

هەروەها وتوویەتی: دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە دەقی شەرعیی (تخصيص) نابێت بە قسەی هاوەڵ مەگەر قسەکەی لە پێغەمبەر ﷺ گێڕابێتەوە، چونکە دەقەکان تایبەت ناکرێن بە (اجتهاد)ی هیچ کەسێكو بەڵگەشە لەسەر هەر کەسێك ناکۆك بێت لەگەڵی.[2]

گومانیشی تیادا نی یە کە یەکدەنگی هاوەڵان بایەخدارترە لە یەکدەنگی ئەوانەی دوای خۆیان، چونکە پلەو پایەی ئەوان لە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەو روپاماینەکردنیان دەخوازێت کە بێدەنگیان بەڵگەیە لەسەر رازیبوونیان، خۆئەگەر بە یەکدەنگیی نەژمێردرێت بەڵگەیەکە خۆی لە خۆیدا.[3] واتە ئەگەر یەکێك لە چوار خەلیفەکە سوننەتێکی دەستنیشان کرد و ئەوان نارەزایان دەرنەبڕی ئەوە سوننەتەکەی بەڵگەیە لەسەر موسڵمانان با یەکدەنگی لەسەر دروست نەبووبێت، چونکە گوێڕایەڵیی پێویستە، سووربوونیشی لەسەر راوێژ گەورەیە، رێگرێکیش نی یە لە گۆڕینی ئەو سوننەتە لەلایەن پێشەوایەکی رێپیشاندەرەوە کە بە راوێژ کار بکات و گوێڕایەڵی پێویست بێت، چونکە عومەر (رەزای خوای لێبێت) لایدا لەو شێوازەی ئەبوبەکر خەڵاتەکانی پی دابەش دەکرد، بە هەمان شێوە عوسمانیش لەگەڵ عومەر، ئەبوبەکر قورئانی کۆدەکردەوە عومەر خەڵکی کۆکردەوە لەسەر تەراویح، ئەم دوو کردارە یەکدەنگیی هاوەڵانی لەسەر بوو، عوسمان قورئانەکانی یەکخست لە کۆکردنەوەی دووەمدا بۆ قورئان، ئەم کردارانەیان پێویستبوو لەسەر موسڵمانان گوێڕایەڵی یان بکەن تیایدا، ئەگەرچی پێویست نەبوو لەسەر خەلیفەکانی دوای خۆیانو موسڵمانان بەوە کار بکەن، مەگەر یەکدەنگیی لەسەر ئەنجام درابێت.

---

١) ابن القيم: أعلام الموقعين ٤: ١٤٠.

٢) محمد أمين الشنقيطي: مذكرة أصول الفقه ١٦٦.

٣) العلائي: اجمال الاصابة في أقوال الصحابة ٣٢.

دکتۆر عەبدولکەریم زەیدان سەبارەت بە قسەی هاوەڵ ئەگەر لە کۆشش و بۆچوونی خۆیەوە هاتبێت دەڵێت: "هەندێ لە زانایان پیان وایە کە وتەی هاوەڵ بەڵگەیەکی شەرعی یە، کۆششکار پێویستە بە قسەی هاوەڵ کاربکات، ئەگەر بەڵگەی بەدەستەوە نەبوو لە قورئان و سوننەت و یەکدەنگی، ئەگەر قسەی هاوەڵانیش جیاواز بوو پێویستە بۆچوونی کەسێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام هەندێکی تر لە زانایان قسەی هاوەڵانیان بە بەڵگە نەزانیوە، بە پێویستیان نەزانیوە کە (مجتهد) بە قسەیان کاربکات، بەڵکو پێویستە بە پی بەڵگەی شەرعی کار بکات، ئەو بۆچوونەش کە ئێمە پێشی دەخەین ئەوەی کە قسەی هاوەڵان بەڵگەیەکی ناچارکەر نی یە کاری پێبکرێت، بەڵام لایەنگری ئەوەین کە قسەیان وەربگیرێت لە کاتی نەبوونی دەق لە قورئان یان لە سوونەت و ئیجماع، لەوکاتەی کە بەڵگەیەکی متمانەپێکراو لەبەردەستدا نەبێت لەو حاڵەتە پێمان وایە وەرگرتنی قسەی هاوەڵان چاکترە".[1]

بەڵام ئەوانەی کە پیان وایە سوننەتی چوار خەلیفەکان بەڵگەیەکی متمانە پێکراوە، بە یەکجار نەیانڕوانیوەتە سوننەتی ئەوان و سونەتی پێغەمبەر ﷺ، بە شێوەیەك رێك نەکەون و بەریەککەون و پێویست بە پێشخستنی یەکێکیان بکرێت، عەلائی دەفەرموێت: "سوننەتی خەلیفەکان بەڵگەی ئەوە ناگەیەنێ کە یەکسان بێت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو دەکرێت فەرمانت پێکرابێت بە پەیڕەویکردنی بە مەرجێك سوننەتێکی پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە نەبێت، هەروەها پێواندن (قیاس) بەڵگەیەکی شەرعی یە، لە دوای قورئان و سوننەتەوە دێت".[2]

١) عبدالكريم زيدان: الوجيز في أصول الفقه ٢٦١ـ ٢٦٢.

٢) العلائي: اجمال الاصابة.

باسی شەشەم:
راوێــــژ

ئەو ریوایەتانەی بە رێگەیەكی راست پێمان گەیشتوون كە باس لەوە دەكەن پێغەمبەر ﷺ راوێژی بە هاوەڵان كردووە، جگە لەوەش جێبەجێكردنی چوار خەلیفەكە بۆ دەقەكانی (شورا) ئەوانەن هێمای راوێژكردن دیاری دەكەن لە ئیسلامدا، چونكە قورئان باسی راوێژی كردووە بێ هیچ شیكردنەوەیەك بۆ سنوورو چۆنیەتی و جێبەجێكردنو تا چەند پێویستە كاری پێبكرێت، لەبەرئەوەیش ئەو دوو ئایەتەی هاتووە دەربارەی (شورا) بە شێوەیەكی گشتیی هاتووە و بریتیە لە: (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ). (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ)، یەكەمیان كەوتۆتە نێوان وەسفی موسڵمانان بە نوێژ (وأقاموا الصلاة) هەروەها بە زەكات (ومما رزقناهم ينفقون) واتە كەوتووەتە نێو دوو فەرزەوە، ئەگەر مەبەست لە هەواڵیش دارشتنی داواكاریی بوو بەهێزترە لە فەرمان، ئایەتی دووەم بەشێوەی فەرمان هاتووە، لە قورئانیش پشتگیری یەك نی یە ئەم ئایەتە لە فەرمانەوە دەركات بۆ (ندب) واتە لە فەرمان كەمتر، لەم حاڵەتە هیچ نامێنیتەوە ئەوە نەبێت لە نێو فەرموودەكان بگەڕێین، ئەوەندەیش كە گەڕاوم ـ بە پی توانا ـ لە كتێبەكانی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ دەقێكی راستم بەرچاو نەكەوتووە كە فەرمان بە راوێژ لە پلەی فەرمان دابەزێنێت بۆ پلەی (ندب)، بەڵكو دەقێكم نەبینیوە كە لە دەربەستكردن دەری بكات، چونكە پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحود بە بۆچوونی زۆرینە پابەند بوو، راوێژی سەرانی ئەنصاریشی كرد (سەعدی كوڕی موعازو سەعدی كوڕی عوبادەو سەعدی كوڕی رەبیعو سەعدی كوڕی خەیسەمە و سەعدی كوڕی مەسعود) سەبارەت بە پێدانی نیوەی خورمای مەدینە بە هۆزی غەتەفان بەرانبەر كشانەوەیان لە جەنگی ئەحزاب، جا كاتێك لەسەر ئەوە پێكهاتن كە بەرگری ئابڵۆقەكە بكەن نەك خورمای مەدینەیان پێبدەن، بە قسەیكردن سەرەڕای ترسناكی زۆر لەسەر مەدینە و بانگەوازی ئیسلام بە گشتیی، بە راوبۆچوونی زۆرینەش كاری كرد لە مەسەلەی ئابڵۆقەی شاری تائیف، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەویست كۆتای بە ئابڵۆقەكە بهێنێت، بەڵام كە بینیی زۆرینەی موسڵمانان ئارەزووی پەلاماردانی تائیفیان هەیە، وازی هێنا تا رۆژی دووەم ئەو كاتە رازیبوون بە كۆتای هێنان بە ئابڵووقەكە، بەڵام سەبارەت بە رەتكردنەوەی راوبۆچوونی زۆرینە لە غەزای حودەیبیە هۆی ئەوە فەرمانی خوا بوو بۆ

پێغەمبەرەكەی، كە ئیتر بواری راوبۆچوون نامێنێت، قسەی كەسیش نابێت سەر قسەی خوا بكەوێت.[١]

ئەبوهورەیرە دەیفەرموو: "مارأیت احداً قط كان أكثر مشورة لاصحابه من رسول الله ﷺ"[٢]، واتە: كەسم نەبینیوە هێندەی پێغەمبەر ﷺ كە راوێژ بە هاورێكانی بكات.

لەبەر ئەوەی بەڵگەیەك نی یە رێگە بگرێت لە وەرگرتنی بۆچوونی زۆرینە لە قورئانو سوننەتدا كەواتە ئەوە كارێكی رەوا بینراوە، بەڵكو دەبێتە (واجب) ئەگەر پەیوەندی هەبوو بە بەرژەوەندی موسڵمانانەوە، یان وازلێهێنانی بووە مایەی دروستبوونی خراپەی گشتیی وەكو زۆرداریی، یان شێوانی ئاسایش بەهۆی پەرتەوازەبوونی راوبۆچوونی خەڵكیی، ئەمە لە حاڵەتێكدا ئەهلی حەلو عەقد لایان وانەبێت كە بەڵگەكانی واجب بوونو دەربەستكردنی شورا ئەو واتا بگەیەنن..

دژوارە قایل بوون بەو واتایەی كە گوایە راوێژ لەسەر پێغەمبەر ﷺ (واجب) بووە و لەسەر موسڵمانان سوننەتە، چونكە هیچ دەقێك نی یە ئەم تایبەتمەندی یە بگەیەنێت، بگرە وردبوونەوە پێچەوانەی ئەوە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی پێویستیی پێغەمبەری پارێزراو لە هەڵە كەمترە بەراوێژكردن ـ كە تایبەتە بە هەندێ بەرژەوەندیی دونیاوە ـ تاوەكو موسڵمانان كە پارێزراو نین لە هەڵە، بەڵكو زۆرینە لەسەر ئەوەن كە راوێژكردنی پێغەمبەر ﷺ جۆرێك بووە لە فێركردن بۆ ئوممەتەكەی بۆ ئەوەی پێویستیەكی راستەقینەی هەبێت بۆ ئەو راوێژە، چونكە سرووش پشتگیریی لێدەكاتو لە هەڵە دەیپارێزێ..

سەبارەت بە كرداری خەلیفە راشیدەكان، مێژوو سەلماندوویەتی كە خیلافەتی ئەوان بە پی بەیعەتو رەزامەندیی خەڵكیی بووە، هەڵبژاردنی ئەبوبەكر (رەزای خوای لێبێت) لە سەقیفەی بەنی ساعیدە نموونەیەكە بۆ گفتوگۆی ئازاد بە راشكاوی لە نێوان كۆبوونەرەوان، زۆربەشیان لە ئەنصار بوون، وێڕای ئەوەش وتووێژەكە بە بەیعەتدان بە ئەبوبەكر كۆتای پێهات كە یەكێك بوو لە موهاجیرەكان، ئەوەش بەیعەتێكی ئازاد بوو چەسپێنرا لە لایەن كەمایەتی موهاجیرەكانەوە لەو كۆبوونەوەیەدا.

١) د. همام سعید: عرض الاحادیث النبویة المتعلقة بالشوری ودراستها (بحث ضمن كتاب الشوری في الاسلام ص٨٥ـ ٩٨).

٢) عبدالرزاق: المصنف. حدیث رقم ٢٧٩. وصحیح البخاري مع الفتح، حدیث رقم ٢٧٣١ـ ٢٧٣٢.

خیلافەتی عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) سەرچاوەی دەگرت لە پاڵاوتنی صددیق بۆ ئەو لە پاش ڕاوێژکردن بە سەرانی هاوەڵان، ئەگەر ئەو پاڵاوتنەیش شانسدار نەبوایە بە پشتگیری ئەهلی حەلل‌و عەقدو زۆرینەی موسڵمانان پاش ئەوان، لەو حاڵەتە خیلافەت دانەدەمەزرا.

سەبارەت بە خیلافەتی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) هاوەڵان بەیعەتیان پێدا پاش زاڵبوونی نەیارەکانی عوسمان لەسەر شاری مەدینە، شانسداریش نەبوو بە یەکدەنگی بە هۆی قایل نەبوونی ئەصحابولجەمەل لە بەصرەو موعاویە لە شام، بەڵام زۆربەی موسڵمانان بەیعەتیان دایە عەلی، کەسیش نکوڵی لە مافدارێتی ئەو نەکرد بۆ خیلافەت، بەڵام ناکۆك بوون بە هۆی تۆڵەسەندن لە بکوژانی عوسمان.

لە کۆبوونەوەی کۆڕی ڕاوێژکردن کە عومەری کوڕی خەتتاب پێکیهێنا دانرا بە بیروباوەڕی پابەندبوون بە بۆچوونی زۆرینە بەشێوەیەکی ئاشکرا، تەنانەت عەبدوڵڵای کوڕی بەشدار کرد کە مافی هەڵبژاردنی هەبێت بێ ئەوەی مافی پاڵاوتنی هەبێت، ئەویش لە کاتی یەکسانی دەنگەکان لە نێو ئەوانەی تیروپشکیان ئەنجامدا کە شەش کەس بوون، جا حەوتەمین کەس پێشخەر بوو بۆ یەکێ لەو دوو لایەنە، بەم شێوازەش بیرۆکەی هەڵبژاردن و زۆرینە سەری هەڵدا لە ڕێکخستنی کۆڕی ڕاوێژکردن هەر لەو سەردەمەوە.

جگە لەو کۆڕەی ئاماژەمان پێ کرد، هیچ کۆڕێکی تر دانەمەزرا ئەندانەمەکانی دیاریی بن نە بە شێوەی هەمیشەی نە بە شێوەی کاتیی، بەڵام چوار خەلیفەکە ئەگەر مەسەلەیەکیان بەلاوە سەخت بوایە شارەزایانی هاوەڵانیان کۆدەکردەوەو ڕاوێژیان پێدەکردن، بێگومان ڕاوێژیش نەدەکرا لە بابەتێکدا دەقی قورئان‌و فەرموودەی لەسەر بێت، بەڵکو لە شتێکدا دەکرا کە پێویستی بەڕاوێژ بێت لە بەرژەوندیی خەڵکیی‌و کێشەکانی نەتەوەو هەڵوێستەکانی دەوڵەت لە ئاستی شەڕو دابەشکردنی دەسکەوتەکان‌و چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ناوچەکراوەکان.

ڕاوێژکردنی تایبەت لە هەندێ کێشەی تایبەت بە کەسەکانەوە ناچێتە نێو ئەم باسەوە، ئەو بابەتانەش زۆرن، جیاکردنەوەش پێویستە لە نێوان پێغەمبەر ﷺ و چوار خەلیفە ڕاشیدەکان سەبارەت بە مەسەلەی ڕاوێژکردن لەو بابەتانەی چەند ئەگەرێك هەڵدەگرن، چونکە پێغەمبەر ﷺ خۆی ڕوونکەرەوەی قورئانە، لە ڕووی ئایەتە گشتیی‌و تایبەت‌و ڕەهاو کۆتکراو (ناسخ)و (منسوخ)، ئەم بوارانەش پێویستی بە ڕاوێژکردن نی یە، بەڵام دەگونجێ خەلیفە ڕاشیدەکان ئاگاداری دەقێك

نەبن لە سوننەت یان ئاماژەی دەقێك لە قورئانو سوننەت، بۆیە پێویستیشیان دەبێت بە راوێژ بۆ گەیشتن بە حوکمی شەرع، ئەگەر ئێمە سەیری هەڵویستی چوار خەلیفەکە بکەین لە کێشەکانی راوێژکردن لە مەسەلە گشتی یەکاندا دەبینین بە زۆری راوێژیان کردووە بە زانایانی نێو هاوەڵان، سەرچاوەکان باسی ئەو کەسانەیان کردووە کە ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) راوێژی پێکردوون وەکو عومەری کوڕی خەتتاب، عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبو تالیب، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، موعازی کوڕی جەبەل، ئوبەی کوڕی کەعب، زەیدی کوڕی سابیت، کە ئەمانە زانایانی ناو هاوەڵان بوونە لەسەردەمی ئەبوبەکر.[1]

مەیموون کوڕی میهران (ت ١١٧ ك) روونیکردووەتەوە کە ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) سەرانی موسڵمانانو زانایانی بانگهێشت دەکردو راوێژی پێدەکردن، ئەگەر لەسەر راوبۆچوونێك بگیرسابان ـ لە کاتی نەبوونی دەق لە قورئانو سوننەتدا ـ کاری پێدەکرد، جار جارەیش دەچووە مزگەوتو پرسیاری لە تێکڕای موسڵمانان دەکرد ئایا زانیاریان هەبێت چی سوننەتێك دەربارەی مەسەلەیەکی دیاریکراو هاتووە.[2]

بازنەی راوێژکردن لە خیلافەتی عومەر (رەزای خوای لێبێت) فراوانتر بوو بە هۆی زۆریی داهێنراوو رووداو و بڵاوبونەوەی رووبەری خاکی ئیسلام بۆ شوێنانی خاوەن ژیارو دابونەریتو سیستمی جیا جیا، بۆیە هەندێ گیروگرفتی تازە هاتە کایەوە کە پێویستیان بە کۆششکردنی زۆر بوو لەلایەن زانایانەوە، بۆ نموونە چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ شوێنە دەست بەسەراگیراوەکانو رێکخستنی بەخشین بە پێی چەند بنەمایەکی نوێ لەبەر زۆریی ئەو ماڵو سەروەتانەی بە لێشاو دەهاتە خەزێنەی دەوڵەتەوە.

بۆیە عومەر زۆرترین ژمارەی لەگەڵ هاوەڵان کۆکردەوە بە مەبەستی راوێژپێکردنیان.[3] وەکو: عوسمانو عەلیو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو موعازی کوڕی جەبەلو ئوبەی کوڕی کەعبو زەیدی

---

١) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٢: ٣٥٠ من طريق الواقدي وهو متروك في الحديث، واما الاخبار التاريخية فله فيها باع طويل. والمتقي الهندي: كنز العمال ٥: ٦٢٧.

٢) إبن سعد: الطبقات الكبرى ٢: ٣٥٠ من ط.

٣) الدارمي: سنن ١: (ط. البغا)، وابن عساكر: تأريخ دمشق ٩: ٣٥٠ أـ ب ٢ والبيهقي: السنن الكبرى ١٠: ١٤ باسناد حسن لكنه مرسل وصحيح اسناده. ابن حجر (فتح الباري ١٣: ٣٤٢) وتعضده اخبار اخرى تؤكد هذا المنحي عند الصحابة: عمر بن الخطاب، عبدالله بن مسعود، زيد بن ثابت، عبدالله بن عباس.

کوڕی سابیت،[1] هەروەها هەندێ لە هاوەڵە لاوەکانیشی کۆکردەوە لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس[2] جارێکیان زوهری بە هەندێ منالّی وت: (خۆتان بەکەم مەزانن لەبەر ئەوەی منالّن، عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) ئەگەر مەسەلەیەکی دژواری بەسەر بهاتبا گەنجەکانی کۆدەکردەوە لەبەر تیژی بیروهۆشیان).[3] موحەممەدی کوڕی سیرینیش دەیوت: (عومەری کوڕی خەتتاب هێندە راوێژی دەکرد تەنانەت راوێژی بە ئافرەتیش دەکرد بۆ ئەوەی لە قسەکانی شتێکی باشی دەسکەوێت)[4] سەلمێنراوە کە جارێکیان راوێژی کرد بە حەفصە (ڕەزای خوای لێبێت).[5]

راوێژ پێکراوەکانیش بیروڕای خۆیان بە راشکاوی دەردەبڕی، عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) کەسی لە ئەوان تۆمەتبار نەدەکرد لە ئەمانەتو دادگەریی.[6]

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) راوێژی دەکرد لەو مەسەلانەی دەقی دەربارە نەهاتووە لە قورئانو سوننەت، مەبەستی ئەوە بوو، بەڵکو یەکێك لە هاوەڵان فەرموودەیەکی لەبەر بێت، چونکە ئەو کاتە هێشتا فەرموودە نەنووسرابوو، هەندێ لە هاوەڵانیش فەرموودەی لەبەر بوو کە هاوەڵی تر لەبەریان نەبووە، بە هەمان شێوە راوێژیشی دەکرد دەربارەی ئەو دەقانەی کە زیاتر لەیەك واتا هەڵدەگرن بە مەبەستی گەیشتن بەو واتاو روونە هەڵیدەگرن، لەم جۆرە مەسەلانە لەوانەیە بەراوێژکردنی یەك هاوەڵ یان چەند هاوەڵێك دڵنیا بوایە، بەڵام بۆ کارەساتە گشتی یەکان هاوەڵانی کۆدەکردەوە، بازنەی کۆبوونەوەکەش تا بکرایە گەورەی دەکردەوە، وەکو چۆن لە کاتی کەوتنەوەی پەتای رشانەوە (الطاعون) لە وڵاتی شام رویدا، کە ئەو کاتە خودی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بەرەو ئەوێ دەچوو، جا کە گەیشتە ناوچەی سەرەغ بە کارساتەکەی زانیی بانگی موهاجیرە

١) ابن القيم: اعلام الموقعين ١: ٩٧.

٢) ابن كثير: البداية والنهاية ٧: ٣٥، ٥٥، ٧٧.

٣) البلاذري: أنساب الاشراف ٣: ٣٧، والذهبي: سير أعلام النبلاء ٣: ٣٤٥ـ ٣٤٨.

٤) المصدر سابق.

٥) عبدالرزاق: المصنف ٧: ١٥٢، وابن شيبة، تأريخ المدينة ٢: ٧٥٩، والبيهقي: السن اكبرى ٩: ٢٩.

٦) محمد رمضان البوطي: الشورى في عهد الخلفاء الراشدين (ضمن كتاب الشورى في الاسلام) ص١٣٤. دوو حاڵەتی باسکردووە بە جیا لە یەکێکیاندا عومەر کەعبولئەحباری تیا تۆمەتبار کردووە لە بۆچوونیدا، ئەوی تریش کابرایەکی تۆمەتبار کردوە بە هەمان شێوە، ریوایەتی یەکەم لە رێگەی سەیفی کوڕی عەمرەوە هاتووە کە زانایان قسەی وەرناگرن، دووەمیش ئەعمەش (تدليس)ی تیا کردووە، هەروەها (انقطاع)یشی تیایە لە نێوان نەخەعی و عومەرو ئەڵێ: عومەر ریوایەتی نەکردووە، بڕوانە (تأريخ الطبري ٣: ٦١١، زطبقات ابن سعد ٣: ٣٤٣).

سەرەتاکانی کردو راوێژی پێکردن، بەڵام کۆنەبوونەوە لەسەر بیروڕایەك، بانگی ئەنصارەکانی کرد ئەوانیش بە هەمان شێوە، دواتر بانگی ریش سپیانی موهاجیرانی ئامادەبوی فەتحی مەککەی کرد، رایان وابوو بگەڕێتەوە بۆ مەدینەو بە قسەیکردن، ئەمجا عەبدورەحمانی کوڕی عەوف باسی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ کرد کە پاڵپشتی ئەو بڕیارە دەکات.[1]

هەروەها راوێژی کرد بە هاوەڵان بۆ مەسەلەی ئەو زەوی یانەی کەوتووەتە ژێر دەستی موسڵمانان، دواتر وازی لەوە هێنا کە دابەشی بکاتە سەر سەربازەکان بە هۆی مافی نەوەکانی دوای ئەوە دێن لەو زەوی یانە، رووی کردە هاوەڵانو فەرمووی: (اجتمعوا لهذا المال فانظروا لمن ترونه) واتە: کۆببنەوە بۆ ئەم دەسکەوتە بزانن بە باشی دەزانن بدرێتە کێ؟ ئەمجا ئەو ئایەتانەی خوێندەوە کە باسی ئەو ماڵە دەکەن لە دوژمنانی ئیسلام دەستدەکەون، دیدی خۆیشی بۆ واتاو ئاراستەی ئایەتەکان خستەڕوو فەرمووی: (والله مامن أحد من المسلمين الا وله حق من هذا المال أعطى منه أم منع).[2] واتە: سوێند بە خوای گەورە، هیچ کەسێك نی یە لە موسڵمانان مافی نەبێت لەم ماڵانە، ئیتر پی بدرێت یان لی قەدەغە بکرێت.

عومەر بە زۆری راوێژی دەکرد لە چۆنێتی خەرج کردنی ماڵە گشتی یەکان[3]، جا ئەو کاتەی کە سەروەتو سامان زۆر بوو راوێژی کردە خەڵکیی بۆ دانانی (دیوان).[4]

عومەر (رەزای خوای لێبێت) کاتێك کە لیدرا، کۆتای بە ژیانی هێنا بە پێکهێنانی ئەنجومەنی راوێژکردن لە شەش کەس لە گەورە هاوەڵان بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە لە دوای خۆی، ئەوانیش: عوسمان و عەلی و عەبدورەحمانی کوڕی عەوفو تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵاو سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص و زوبەیری کوڕی عەووام، عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش ئامادە دەبێت بێ ئەوەی مافی خۆ هەڵبژاردنی هەبێت، لە پاش گفتوگۆی سەرەتای لە کۆڕەکە مافەکە تەنها بۆ عوسمان و عەلی مایەوە، مەسەلەی

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري) ١٠: ١٧٩ حيث رقم ٥٧٢٩، ومسلم: الصحيح حديث رقم ٢٢١٩.

٢) عبدالرزاق، المصنف ٤: ١٥١، ١٥٢، و ١١: ١٠١، ١٠٢، وابن ابي شيبه: المصنف ٦: ٤٧١، وابن زنجويه: الموال ١: ١٠٨، ١٠٩، ٢: ٤٨٠ واسناده صحيح.

٣) ابن كثير: مسند الفاروق حديث رقم ٦٧٨ (اطروحة دكتوراه، تحقيق مطر أحمد الزهراني، جامعة ام القرى بمكة ـ ١٤٠٩ ه م والذهبي: سير أعلام النبلاء ٢: ١٩٠).

٤) يعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ١: ٤٦٥ وفي اسناده عبدالله بن موهوب مقبول، وانظر طريقاً اخرى منقطعة عند ابي ابي شيبة: المصنف ١٢: ٣١٧ عن محمد الباقر.

ڕاوێژکردنیش بە خەڵکیی سپێردرا بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، ئەویش شەونخونی کردو سێ ڕۆژی بەسەربرد لە ڕاوێژکردن لە هاوەڵان، ئەمجا بەیعەتی دایە عوسمان لە مزگەوتی گەورە بە ئامادەبوونی موهاجیرو ئەنصارو سەرکردەی دەڤەرەکان کە هاتبوون بۆ ئەنجامدانی فەرزی حەج لەگەڵ عومەر (ڕەزای خوای لێبێت).[1] ئیدی هەموو ئامادەبوان بەیعەتیان بە عوسمان دا، بەو شێوەیش خیلافەت بۆ ئەو دامەزرا، دروستکرنی کۆڕەکەش تەنها وەکو پالاوتن بوو نەك زیاتر.

بێگومان خەلیفەی ڕاشید عوسمانی کوڕی عەففان پەیڕەوی لە ڕێبازی پێش خۆی کرد بە ئیشکردن بە بنەمای ڕاوێژکردن، بەڵام سەرچاوەکان ریوایەتیان لەو بارەوە باسنەکردووە، هەندێ ریوایەت‌و هەواڵی لاواز هاتووە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاوێژی کردوە بە عەلی‌و هاوەڵانی تر (ڕەزای خوایان لێبێت)، هەروەها ڕاوێژی کردووە بە سەرکردەی شارو شوێنەکان سەبارەت بەو بشێوەنەی کە بە شەهید بوونی خۆی تەواو بوو،[2] جێگیرنەبوونی هەواڵێکیش لەوبارەوە ئەوە ناگەیەنێت کە عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) ڕاوێژی نەکردووە، چونکە ئاشکرایە کە ریوایەت و هەواڵی ڕاست لە ڕووی ئیسنادەوە تەنها ڕووبەرێکی کەم دادەپۆشێت لە مێژوو.

بەیعەت بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب درا (ڕەزای خوای لێبێت) لە پاش ئەو بشێوی‌و ئاژاوەی بوو بە مایەی کوژرانی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت)، بۆیە زۆربەی ڕیش سپی‌و پیاوماقوڵان بەیعەتیان بە عەلی دا، هەندێکیشیان دواکەوتن، دواتر خەڵکی بەیعەتیان پێدا، بەیعەتی گشتی‌و تایبەت لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ئەنجامدرا.

---

١) البخاري: الصحيح (فتح الباري) ٧: ٥٩ـ ٦٢ و٣: ٢٥٦و ١٣: ١٩٣، ومسلم الصحيح ١: ٣٩٦. ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاوێژ لەو شەش کەسەدا بوو پێش لێدانەکە، عومەر تەنها وەبیری خستونەتەوە لە وتارەکەی لە مزگەوت.

٢) البيهقي: السنن ٨: ٦١ في استشارة الصحابة حول قتل عبدالله بن عمر للهرمزان، وفي اسناده مالك بن يحى ابو غسان ضعفه البخاري وابن حبان (ميزان الاعتدال) وان كان ابن حبان اورده ايضاً في كتابة الثقات، وعلي بن عاصم صدوق يخطئ ويصر ورمى بالتشيع هذا فضلاً عن علة الارسال لان الراوي عبدالله بن عبيد بن عمير استشهد سنة ١١٣ ه فلم يدرك الحادثة (ابن حجر: تهذيب التهذيب ٥: ٣٠٨) واما استشارته لعلي وطلحة والزبير ونفر من الصحابة في القضاء مما رواه البيهقي (السنن ١٠: ١٢) فالخبر في اسناده مجاهيل منهم الليث بن هاورن العكلي (اين سعد ٦: ٤١٤) واما استشارته ولاة الامصار في احداث الفتنة فمن طريق واهية عللها كثيرة (الطبري: تأريخ الطبري ٤: ٣٣٣) واما استشارته نائلة زوجته عن طريق الواقدي وهو متروك الحديث (الطبري: تاريخ ٤: ٣٦١).

سەرچاوەکان هەندێ وێنەیان تۆمارکردووە بۆ راوێژ لە خیلافەتی عەلی (رەزای خوای لێبێت) پەیوەستە بە سیاسەتی ئەو بەرانبەر فەرمانڕەوای دەڤەرەکان و راگرتنی جەنگ لە صففین لە پاش بەرزکردنەوەی خەڵکی شام بۆ قورئانەکان، هەروەها راوێژکردنی بە خەڵکیی بۆ ئەو بیباوەڕانەی موسڵمانیتی پیشان دەدەن،[1] ئەگەرچی ئەو هەواڵانە جێگر نەبوونە لە رێگایەکی دروستەوە، ئەوەیش روونەدانی ناگەیەنێت، بەڵام ناکرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ بڕیاردانی چۆنێتی راوێژکردن لەسەردەمی خیلافەتی عەلی (رەزای خوای لێبێت).

بێگومان عەلی شوێنی رێبازی ئەوانەی پێش خۆی کەوتووە لە جێبەجێکردنی حوکمی راوێژکردن کە پێویستە ئەنجام بدرێت لە لایەن پێشەواو دادوەرەوە، هەروەها خیلافەت لەسەر ئەو بنەمایە لە خەلیفەیەکەوە گەیشتووەتە خەلیفەیەکی تر، تا ئەو کاتەی بۆ عەلی بە هەمان شێوە دامەزرا بە بەیعەتی تایبەتیو گشتی.

کۆڕێکی تایبەتیش دانەمەزرا بۆ راوێژکردن لە سەردەمی خیلافەتی راشیدە، بەڵام ئەوانەی راوێژیان پێدەکرا لە سەرانی هاوەڵان بوون کە دەناسران بە زانستو دڵسۆزی، ئەمەیش هەر بەردەوام بو لە سەردەمانی ئومەویێکانو عەبباسیێکان، بەبێ ئەوەی برەو بدرێت بە دەزگایەکی دەسەڵات ئاشکرا بۆ راوێژکردن جگە لە (أهل الحل والعقد) نەبێت کە خەلیفە هەڵدەسا بە هەڵبژاردنیان بۆ ئەوەی راوێژو ئامۆژگاری پێشکەش بکەن.

---

١) الطبري: تأريخ ٤: ٤٤١، ٥: ٤٩، وابن أبي شيبة ١٠: ١٤٢. واسناد رجال ثقات لكن عبيد بن فسطاس لم يرو عن علي بل ادرك المغيرة بن شعبة وشريحا قاضي علي.